# چەک

## ئەتنێمە شووشەی کریستاڵی دڵ

******

**کامیل ژیر**

28/1/2013

**خۆشەویستەکەم**

**شێری هەموو دەم**

**خاوەنی دڵی بێبەزەیی و رەق**

**ئەی ئاوەڵی شەق**

**دۆستی دێرینی دارو تێڵاو لیس**

**هێزی سەربازو پێمیم و پۆلیس**

**ئا شتیپارێزی دووره رێ و ناوەند**

**مایەی ئارامیی نیشتەجێ و رەوەند**

**تۆ بەرهەمێکی بەردەوام   با وی**

**بەدکار لێگەرێ بیلبیلەی   چا وی**

**تاوان تۆ نایکەی،تاوانکار هۆ یە**

**ئەو دڵی رەش و   پاڵنەری تۆیە**

**تۆ بۆ خاوەن ماف دەستی فریادی**

**جێبەجێکاری بریاری دادی**

**زل هێز بەتۆوه دەنگی دلێره**

**فەرمانی وەکو فەرمانی شێره**

ئەی پارێزەری پشتوێنی سنوور
قەڵغانی یاساو سەروەریی دەستوور
ئامێری پار سەنگ
بۆ ئا سا یش و روونەدانی جەنگ
هۆکاری رەواو گێڕانەوەی ما ف
بێ لاف و گەزاف
ئێمەی بەشخوراو
ماڵ دابەشکراو
هەروەکو خۆراک
هەندەی پیرۆزیی نیشتمان و خا ک
لامان مەبەستی
بۆ سەربەخۆیی ئامڕازی دەستی
هۆ هاوڕێی کوتەک
گیانەکەم ئەی چەک
گوێ نەگری لە رای پیا وی ترسنۆک
فەلسەفەی نەزۆک
گوایە لەمڕۆدا باوت نەماوە!
فەرمایشتی وا، بیانووی دۆڕاوە
بانگی کەسانی پڕبووی دۆلارە
خاوەنی سەری سەرنەوی و لارە
مەرد ئەو کەسەیە هەڵوێستی هەبێ
ملکەچی دەستی سەردەستی نەبێ
ئەی چەک تا هەتا هەرتۆ پێشەنگی
سوارچاکی مەیدان، براوەی جەنگی

گفت و پەیمانە

مەرجی مەردانە

دوای رزگاریمان، بۆ تاوێ وچان

ئەیکەین بە شایی و ئاهەنگی شەوان

وێنەی ئینجانەی سەرمێزی پڕ گوڵ

ئەتنێمە شووشەی کریستاڵی دڵ

---------------